# ڕەمز لەشیعرەکانی

# شێرکۆ بێکەسی شاعیردا

د.کەمال مستەفا مەعروف / کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین

## پێشەکی

بابەتەکەمان بەناونیشانی (ڕەمز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا، ڕەمز دیاردەیەکی تازە نییە لەشیعری کوردیدا، بەڵام لەشیعری نوێدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبنیادی قەسیدەدا، بەشێوەیەکی چڕوپڕو قووڵ مامەڵەی لەگەڵ دا کراوەو پشت بە ئەفسانەی میللی و جیهانی دەبەستێ تاکو سیمای نوێ و ڕەنگین بەشیعرەکە ببەخشێ، مەبەستم لەم تۆژینەوەدا دەست نیشان کردنی چەمکی ڕەمزو زاراوەی ڕەمزو ڕێبازەکانی و جۆرەکانی ڕەمزە بەشێوەیەکی زانستیانە، چونکە ئەم بابەتە گرنگە شیکردنەوەی قوڵی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لەسەر نەکراوە، جابەپێویستم زانی، کەلەم ڕەگەز هونەرییە بتۆژمەوە، بەتایبەتی ئەو ڕەمزانەی کەپێشتر لەبەر باری نالەباری کوردستان بەشاراوەیی خرابوونە ڕوو، تیشك و ڕۆناکی بخەمە سەرجەمی شیعرەکانی شاعیر کەوەکو دەریایەکی قوڵ پڕە لەجۆرەها ڕەمز، پیلانی کارەکەشم بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکی دابەش کردوون:-

١- تەوەرەی یەکەم، چەمك و زاراوەی ڕەمز، ڕێبازی ڕەمزی، ڕەمزو تەم و مژ، ڕەمزو ئیشارەت...

٢- تەوەرەی دووەم، ڕەمزو ڕەگەزە هونەریەکانی شیعری، ڕەمزو خوازە، ڕەمزو خواستن، ڕەمزو لێکچواندن.

٣- تەوەرەی سێیەم، جۆرەکانی ڕەمز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی ئایینی، ڕەمزی مێژوویی ڕەمزی کەلەپووری.

### تەوەرەی یەکەم: لەبارەی ڕەمزو ڕێبازی ڕەمزییەتەوە.

**زاراوەی ڕەمز:** وەکو دیاردەیەکی هونەری ئەزمونێکی کۆن و نوێی شیعرییە "ووشەی (symbol) لە فەرمانی (symballein)ی گریکییەوە وەرگیراوە، کە مانای هاوێشتنی بەیەکەوە دەگەیەنێ و ناوەکەی (symbolon) واتە (نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە)بریتییە لەشتێکی گیاندار یان شتێکی بێ گیان کەشتێکی تر دەنوێنێ".[1] ڕیشەی (symbol) مێژوویەکی دوورو

درێـژی لەزانسـتی خواناسـی (Theology) دا هەیـە کـەهاوتای (creed)ە، کـەمانای (دەسـتوری باوەڕیی مەسیحیەت)ە.[٢]

"هـەروەها لەکۆنـدا لەدروشـمە ئاینیـەکانو هونـەرە جوانـەکان بەگشـتیو شـیعر بەتایبـەتی بـەکار بـراوە، تـاکو ئێسـتاش نرخێکـی هیماسـازی لـە لۆژیـكو بیرکـاریو سـیمانتیکدا بـەخۆوە گرتووە"[٣]

چـەمکی ڕەمـز هـەر لـەزۆر کۆنـەوە مـرۆڤ ئـەوەی نـەیتوانیوە بـەزمان دەری بـبڕێ، بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ کردووە، لەڕەخنەی کۆنی عارەبیدا چـەمکی ڕەمـز بـەم جـۆرە پێناسـە کـراوە "ئامـاژە کردنێکـی شـاراوەیە بـۆ نزیکـی خـۆت بـەلێو یـان بـەبرۆ"[٤]. ڕەمـز لەئەدەبـدا "ئامـاژە کردنـە بەووشـەیەك کـەواتای شـتێکی هەسـتی یـان ژیـری دەگەیـەنێ بـۆ مانایـەکی دیـاری نـەکراو جـوداواز بـەپێی خـەیاڵی نووسەرەوە، خوێنەریش جیاوازن لەتێگەیشتنو درك پێکردنی مەوداکەی بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریو ئاسکی هەستیان، هەندێکیان لایـەنێکی دەبینـنو هەنـدێکی تـر لایـەنێکی تـر، یـان بەئاشکرا دەردەکـەوێو ڕۆشنبیر لێی تێدەگات"[٥]

چەمکی ڕەمز، هەر لەزووەوە لەناو ئـەدەبیاتی جیهانیدا ڕیشـەی داکوتـاوە، "لەکۆنـدا ئەفسـانەکان کەرەسـەی ئـەدەبو زانسـت بـوون بـەڵام ئیمـڕۆ وێنـەی شـیعری شـوێنی ئەفسـانەکانی گرتۆتـەوە"[٦] تنـدال (Tindall) دەڵـێ:- "وێنـەی شـیعری لـە بنچـینەدا جۆرێکـە لـە ڕەمـز، چـونکە بـیرو هەسـت بەرجەسـتە دەکاتو شاعیر گوزارشتی بێ سنوری پـێ دەکـات"[٧] وبستر (Webster) چـەمکی ڕەمـز دەسـت نیشـان دەکاتو دەڵێ:- "ڕەمز ئەوەیە کەئاماژە بەشتێکی تر یا مانایەکی تر دەکات لەڕێگای بوونی پەیوەندییەك لەنێوانیانـدا، ڕەمـز دیاردەیـەکی جێگـیرە چ لەشـیعرو چیـرۆكو بەرهەمـە هونەریەکانـدا"[٨] لـویس هورتیـك (Louis Hourticq) دەڵێ:- "شیعرێك نییە کەتۆزێك ڕەمزی تێدا نەبێ"[٩]

ڕەمـز لەواقیعـەوە سـەرهەڵدەدا چـونکە (کولـدریج) دەڵـێ:- "ڕەمـز بەشـێکی بـوونی لـەواقیع وەردەگرێ ئەوسا توانای تێگەیشتنی دەبێ"[١٠] دیارە واقیع تـێ دەپـەڕێنێ چونکە "لێی ڕەت دەبێ ئەوسا ڕوونترو تەجرید تر دەبێت، بەڵام ئەو ئاستەی تەجرید جێ بەجێ نابێ بەبڕار کردنی ڕەمز نەبێ لەڕەگـەزەکانی ماددەو بەشـەکانی چونکە لـەواقیع دەسـت پـێ دەکـات بـەڵام تێیدا شـوێنەواری ماددەو پەیوەندییە سروشتییەکانی دەڕوخێنێ بۆ ئەوەی لەسەر پاشماوەکانی پەیوەندی نوێو مەرجدار بەتێ ڕوانینی شاعیر بنیات بنرێ"[١١] ڕەمز شیکردنەوەی واقیع نییـە بـەڵکو چڕکردنیەتی "لێرەدا بەخـەون دەبەسـترێتەوە چـونکە هـەردووکیان ئـارەزووی تێکـەڵ بـوونو کۆبونـەوەیان هەیـە بـەلابردنی هەنـدێك لەبەشەکانی ڕەمز بۆ کراو یاخود بـەس کردنی بەبەشـێك لـەو پێك هاتـە زۆرەو شاراوەیەدا یـان ئامـاژە کردن بەوێنـەی لێکدراو بـۆ گـەلێ ڕەگـەز کەشـەقڵی هاوبەشـیان هـەبێ"[١٢] ڕەمـز دیاردەیـەکی جیهـانیو مرۆڤایەتییە هەموو بەشدارن لەبەرهەم هێنانیدا وەکو دەروێش ڕەمزی دەواڵ پێ، سـور ڕەمـزی تونـدو تیژی، سەوز ڕەمزی بەهار. "ڕەمزی یـەکگرتوو یـاخود لێکچوو کەشاعیران بـەکاری دەهێنن نیشـانەیە کـەبیری تـاك بەشـێکە لـەبیری جیهـانی کەبەهۆیـەوە جیهـان نـوێ دەبێتـەوەو بـیری خـەڵکیش نـەوە دوای نەوە نوێ بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ"[١٣]

ڕەمز دوو جۆری هەیە:-

١. ڕەمزی زیندو ئەو ڕەمزەیە کە لەنەهێنی بەتاڵ نییە، هەرچەندە خاوەنەکەی هەوڵ بدا ڕەڤەو ئاسان

کاری تێدا بکا، هەندێ جار بەم ڕاڤە کردنە شیعرەکە ناهێڵێ بەڵام ناتوانێ بەسەر قورسیەکەی زاڵ بێ "[١٤]

٢. ڕەمزی مردوو ئەگەر دەستەواژەیەك ماناکەی روون تر بێ لەمانای ڕەمزییەکەی، ڕەمزەکە دەبێتە ڕەمزێکی مردوو بەڵام پارێزگاری بەهای مێژوویی خۆی دەکاتو بەهۆی ئەم خاسیەتەوەش دەتوانین پێی بڵێین ڕەمزو لەشیعر نووسین بەکاری بهێنین، بەڵام ڕەمزێکی مردووە"[١٥] یونگ دەڵێ: "ڕەمزی مردوو ئەو ڕەمزەیە کە لەئاخاوتن دا بەکاردێو گوزارشت لەمانای ئاسایی دەکات وەکو گوڵ بۆ ڕەمزی خۆشەویستی، کۆترو زەیتون بۆ ڕەمزی ئاشتی... "[١٦]

ڕێبازی ڕەمزی/ ڕەمزییەت ئەو قوتابخانە ئەدەبیەیە کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ساڵی ١٨٨٦ سەری هەڵدا، دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە جۆن مۆریاس (Jean Moreas) بوو، کە لە١٨ی سێبتێمبەری ١٨٨٦ لەڕۆنامەی فیگارۆدا (le figaro) لەدایك بوونی ئەم ڕێڕەوەی ڕاگەیاند بەدەقێکی ئاڵۆز کە ڕەخنەی لەبرناسیزمو ناتوراليزم دەگرت"([١٧]) جان مۆریاس دەڵێ:- ئەم ڕێڕەوە تازەیە دژی پابەندی زانستیو دەربڕینی ڕاستەوخۆو ئاخاوتنی ڕاپۆرت ئامێزو پڤدارو هەستی قەڵپو وەسفی بابەتی وەستا، شیعری ڕەمزی بەرەو بیرێك دەچێ کە رووخسارێکی هەستی بەبەردا دەکرێ، بیرێك کە لەلێکچواندنی دەرەکی بێبەش نەکرێ، چونکە لەسیما بنچینەییەکانی هونەری ڕەمزی لەسنوری خۆیدا هەرگیز بەرەو چەمکی بیرۆکە نەچێ بەم جۆرە دیمەنەکانی سروشتو جوڵانەوەی خەڵکانو هەموو دیاردە ماتریالیەکان ناتوانن لەم هونەرەدا خۆ بەدەرخەن مەبەست لێیان بەرجەستە کردنی پەیوەندییە نهێنیەکانە بەبیرە بنچینەییەکانەوە"[١٨]

"بەخێرایی جان مۆریاس ئەم قوتابخانەیەی بەجێ هێشتو قوتابخانەیەکی تری بەناوی قوتابخانەی ڕۆمانی چێکردەوە لە١٤ی ئەیلولی ١٨٩١دا جان مۆریاس بەباوەڕێکی زۆرەوە لەڕۆژنامەی فیگارۆ مردنی ڕەمزیەتی ڕاگەیاند"[١٩]

بەم جۆرە جان مۆریاس کودەتایەکی بەسەر ڕەمزیەکان بەرپا کردو قوتابخانەی ڕۆمانی چێکرد کەداوای گەڕانەوە بۆ کەلەپوورو بیرو باوەڕی چەرخی زێڕینی گەورەی دەکرد"[٢٠]

"لەشاعیرە دیارەکانی ئەم قوتابخانە ڕەمزییە ڤێرلێن (Verlaine)و مالارمێ(Mallarme) بوون"[٢١]

ڕەمزیەتێکی زۆر لەشیعری فەرەنسی سەدەی نۆزدەهەم بەدی دەکرێ "مالارمێ لەسەرجەمی بەرهەمەکانیدا بەو جۆرە ڕەمزییەت روون دەکاتەوە کەهونەری ورووژاندنی بابەتێکە بەشێوەیەکی ورد بۆ ئاشکرا کردنی جۆرە میزاجێك یان بەپێچەوانەوە، بریتییە لەهونەری هەڵبژاردنی بابەتێك کەدۆخێکی ڕوحی لێ وەربگیرێ"[٢٢]

فرانك کەرمۆدا (Frank Kermode) دەڵێ:- ڕەمزییەت هەوڵدانێکە بۆ گواستنەوەی ئەدەب لەبازنەی ماددەو بۆ بازنەی گیان، شۆڕشێکە لەسەر بەندایەتی ڕەوانبێژی، وەسف بەلاوە دەنرێو شتەکان بەسروش ئاماژە کردنەوە باس دەکرێن، ڕەمز گوزارشت کردنە لەکرۆکی شتەکان"[٢٣] ئیف بونفوا ( Yves

Bonnefoy) لەوتارێکدا بەناوی شاعیریەتی مالارمێدا دەڵێ:- مالارمێ زۆر خۆی لەسروشت دوورە پەرێز گرت تاکو کەوتە ناو زمانێکی داخراوەوە، بەڵام بۆدلێر (Baudelaire) شیعری کراوەی بەرجەستە کرد، ئەمەش پێداویستییەکی نوێخوازییە، دیارە کاتێ زمان بەرەو داخراوی بێ سنور دەچێ ئەوا دەبێتە باشترین ڕێگا لەپێناوی گەیشتن بەکرانەوەیەك لەواقعێکی تردا"[٢٤] لەهۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبارە "ڕەت کردنەوەی داب و نەریتە باوەکان کەڕێگای لە ئازادی مرۆڤ دەگرت چەند بەرهەمی نامۆیان بەئەنجام گەیاند کەبەدابەزیوەکان ناوەزد کران، پاشان ووشەی (Symbolistes) ڕەمزی شوێنی ووشەی (decadent) دابەزیوەکانی گرتەوە"[٢٥]

ڕەمزیەکان بەفەلسەفەی کانت (Kant) موتەئەسیر بوون "کەکرۆکی مرۆڤ لەجیهانی ناوەوە دەبینێ، لەبەر ئەوە ڕەمزیەکان پشتیان بەخودی مرۆڤایەتی بەست بۆ ناسینی ڕاستی بوون و چوونە قوڵایی دەروونەوە و ڕەمزیان بەکار هێنا بۆ گوزارشت کردن لەهەست و سۆزو بیریان"[٢٦] ڕەمزیەکان بایەخیان بەخەون دەدا، چونکە گوزارشتی لە چالاکی نەستەکانی مرۆڤ دەکات. شاعیر لای فرۆید (Freud) ئەو کەسەیە کەدەزانێ چۆن خەوو خەیاڵەکانی دەکاتە بەرهەمی هونەری "جوانی هونەری دەکاتە هۆیەك بۆ تێرکردنی ئارەزووە کپ کراوەکانی، مرۆڤو هونەر لەگەڵ خەودا بەتەواوی‌لەیەکتر نزیك دەکاتەوە"[٢٧]. خەونی شیعری دوولایەنی هەیە، لەلایەك جۆرێکە لە پەیڕەوی سۆفیانە، لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی خەیاڵی شیعرییە، ئەم دوو لایەنەش لەیەکتر جیا ناکرێنەوە هەروەکو دەزانین شیعری ڕەمزی لەکرۆکدا جۆرێکە لە وەرزشی میتافیزیقی"[٢٨]. شاعیرە ڕەمزییەکان ڕێگای ڕاستەوخۆ ناگرنە بەر بەڵکو بەشێوەیەکی تەماوی و ئاڵۆزی و بەئاماژە کردن هەستیان دەخەنە ڕوو "لەسیماکانی قوتابخانەی ڕەمزی کەپاشان لەلایەن ڕەخنەگران بەخەوش لەقەڵەم درا، گەماڕۆدانی شیعر بەبواری دەروونی و کەم بەرهەمی و دژواری و شاراوەیەکی زۆر پەیڕەو دەکران، جگە لەدووبارە کردنەوەی هەندێ واژەو گوزارشت، لەگەڵ خاسیەتێکی هاوبەش لەڕەنگو بۆنەکاندا وەکو شەماڵی ڕەش و بۆنی شین، خەوشێکی تر دانانی شیعر بەجۆرێك لەمۆسیقا"[٢٩]. لەسەدەی بیستەمدا گەلێ ڕێڕەوی ئەدەبێ تر پەیدا بوون وەکو دادایزم و سوریالیزم بەجۆرێ کەهاو واتای ڕەمز پەیدا بکەن و بەرەو شێوازو زمانێکی ساکارو سادە بچن"[٣٠]

**الأولى: رِەمزء تەمءمز**

ئەمومژ سیمایەکی هاوبەشی شیعری کۆن و نوێیە، دیاردەیەکی ئاشکرای شیعری نوێیە، کەجوانکاری ڕێبازی ئەم جۆرە شیعرەیە تەمومژ پەیوەندی بەسروشتی شیعرەوە هەیە، بۆیە هەندێ جار دەڵێن شیعر تەمومژە، جوانکاری وا دەکات تەمومژ ببێ بەڕەگەزی سەرەکی شیعر. "جوانی ڕەمز بێشك لەسەر قوڵی و گەورەیی بیروەستاوە بەڵام ئاشکرایش مەرجێکی بنچینەیی و پێویستە چونکە ڕەمز دەڕوخێ ئەگەر سیمای ئاشکرایی وون کرد کەواتە ئاشکرایی ڕەگەزی هونەرە و ڕەگەزێکی پێویستییە بۆ جوانی"[٣١]

دیارە مەبەست لەئاشکرایی سادەو ساکاری ڕووت ناگەیەنێ چونکە "ئاشکرایی و دەربڕینی شتەکان بەڕوونی دەبنە هۆی ڕووت بوونەوەیان لەو بەرگە جوانانەی کەهەیانە، لەلایەکی تر ئاشکرایی دەبێتە هۆی ئەوەی کەخەون و خەیاڵ لەشیعردا وون بێ، جادەبێ شاعیر لەدەربڕینی ڕاستەوخۆو ئاشکرا دوور بکەوێتەوە و رووبکاتە تەمومژ"[٣٢] دیارە تەمومژ لەشیعردا پێچەوانەی ساکاری نییە و شیعری ساکاریش کەدەمان هەژێنێ لەهەمان کاتدا بۆ قوڵیەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ساکاری و

سادەیی شیعر ناتوانن بمان جوولێنن، کەواتە ئەو ساکارییە قوڵەی لای هەندێ شاعیر وامان لێ ناکات کەشیعری تەمومژاوی ڕەت بکەینەوە، چونکە ساکاری قوڵو تەمومژاوی پەیوەندی توندیان بەکرۆکی شیعری ڕەسەنەوە هەیە"[٣٣]. جا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر تەمومژ نائاشکرایی، ئێمە بەزۆری واژەی تەمومژ بەکار دەهێنینو بەکەمی واژەی شاراوەو نائاشکرایی بەکاردەینین، لەگەڵ ئەوەشدا شتی نائاشکرا هەموو دەم شتی تەمومژاوییەنییە"[٣٤]. ئەم نائاشکرایش بۆ ئاڵۆزی زمان دەگەڕێتەوە سیمایەکی خراپی شیعرە"[٣٥]

پێویستییەکی هونەری نییە کەواتە شاراوەییو نائاشکرایی "سەرپێچی کردنە لەدەستوورەکانی ڕێزماندا"[٣٦] بەڵام تەمومژ لەشیعردا خاسیەتی سروشتی بیری شیعرەکەیە "دیاردەیەکی هونەری هۆشیارە"[٣٧] تەمومژ خاسیەتی شیعریی نوێیەو شاعیر بەئاگاییەوە لەکارەکانیدا بەکاری دەهێنێو شتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆیە دەبێ خوێنەر ڕەتی نەکاتەوەو پێشوازی لێ بکات بەتایبەتی شاعیرانی نوێخواز کەوتونەتە ژێر کاریگەری قوتابخانەکانی وەکو ڕەمزیو سوریالی. "سوریالیەکانو ڕەمزیەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە تەمومژو ئاڵۆزییە دەبەن (کەعەقل درکی پێنەکات بەتەنیا شاعیر دەتوانێ لەڕێگای وێنەی نامەنتیقیەوە کەشفی بکاتو گوزارشتی لێ بکات"[٣٨]

ڕەمزو ئیشارەت/ ئەرنست کاسیرر (Ernst cassirer) جیاوازی لەنێوان ڕەمزو ئیشارەت کردووەو دەڵێ:- "ئیشارەت بەشێکە لەبوونی جیهانی ماددی، بەڵام ڕەمز بەشێکە لەجیهانی گوزارەی مرۆڤایەتی"[٣٩]

ئیشارەت پەیوەستە بەو شتەی کەبەشێوەیەکی چەسپاو ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەر ئیشارەتیك ئاماژە بۆ تاکە شتێك دەکات، بەڵام ڕەمز گشتییە، واتە سروش بۆ شتێك زیاتر دەکات جوڵاو گوێزراوەو هەمەجۆرە"[٤٠]

ڕەمز لەکرۆکییەوە سروشدارە تەنیا بەوێنەکێشانی شتە ماددییەکان ناوەستێ، بەڵکو هەوڵ دەدات بەگواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کەلەسەر دەروونی هەیە پاش ئەوەی هەست وەری دەگرێ، هەروەها بایەخ بەگوزارشت کردنی کەشە نادیارەکان دەدا کەبۆ قووڵایی خود شۆڕ دەبێتەوە، ئامانجی شاعیری ڕەمزیش گەیشتنە بەداهێنانی بارێکی دەرونی دیاریکراو لەکەشی قەسیدەکەدا، کاتێ زمانی ئاسایی نەتوانێ بارە دەروونیە حەشاردراوەکان بگوێزێتەوە، ئەوکاتە شاعیر ڕوو دەکاتە ڕەمز کەتوانایەکی هەیە لەچوونە ناو جیهانی نەستەکانەوە"[٤١]

ڕەمز لەئیشارەت فراوانترە، هەموو جۆرەکانی خوازەی ڕەهاو لێکچواندنو خواستن دەگرێتەوە، بەڵام ئیشارەت تەنیا یەك مانای هەیە بۆ نموونە "ئاڵای سوور، نیشانەی وەستان، خاچی سەوزی دەرمانخانە هەریەکەیان ئیشارەتن بۆ شتێك مانای تر هەڵناگرن"[٤٢]

تەوەرەی دووەم: ڕەمزو ڕەگەزە هونەرییەکانی شیعری

ڕەمزو خوازە

ڕەمز لەئەدەبدا لەخوازەو خواستنو لێکچواندن لەدایك دەبێ، کەواتە زۆر لێکتر نزیکن بۆیە (ماریوپرانس) دەڵێ:- "ڕەمزو خوازە بەری دارێکن"[٤٣] لەنێوان ڕەمزو خوازەدا پەیوەندییەکی بەتینو

بەهێز هەیە، قووڵ چوونە خوارەوە بەدەلالـەتی خوازەیی ئەوکاتـە خـوازە دەبێتـە ڕەمـز، لەبـەر ئـەوە ڕەمـز لوتکەیە کەخوازە تێیدا کۆتایی دێت،[٤٤] تاقیکردنـەوەی ڕەمـزی، تـاقی کردنـەوەیـەکی خوازەیـە کەهـەوێنی ئاڵۆزییە، لەدەرکەوتنیدا لەلایەك پشت بـەزەین ڕوونیو لەلایـەکی تـردا بەکەواندن دەبەستێ، بەهۆی زەیـن ڕوونی هونەرمەند دەگاتە ژێی هاوبەشو بەهۆی کەواندنیش دیمەنەکەی دیار دەکات، لەخودی خۆی دێتـە دەرەوە، دەیخاتە شتێکی دەرەکییەوە ئەویش کەڕەمزە"[٤٥]

"لەخوازەدا نیشانەیەکی زمانەوانی یا ژێری پێویستە کەبەرهەڵستی مانا دروستەکە بێت ئـەم نیشانەیەش پێی ئەووتری (قرينة المجاز) ئـەم نیشـانەیەش وای لێ دەکات کـە تێگەیشـتنی ماناکـەی سنووردار بێت، بەڵام تێگەیشتنی ڕەمز شیکردنەوەو لێکدانـەوەی قوڵی دەوێ. لەحەفتاکاندا لەبـەر هۆکـاری سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو ڕۆشـنبیری شـاعیران پـەنایان بردۆتـە بـەر بـەکارهێنانی ڕەمـز. بـاری نالەباری کوردستان، نەبوونی سەربەستیو ئازادی چاپەمەنی شاعیر ناچار بووە کەڕێگای ناڕاستەوخۆ بگرێتەبەر بۆئەوەی بەرهەمەکەی پێ بشارێتەوە، "بـابزانین شێرکۆ بێکـەس لـەم بارەیـەوە چـی دەڵـێ:- خوێنـەرانی کـورد بەچاکی لەمەبەسـتو نیـازی ئەگەیشـتنو ئـەیانزانی بارودۆخەکـە چۆنەو چـی لـەو بەرهەمانـە بکـەین کـە لەوسـاڵانەدا بڵاوبونەتـەوە ئـەبینین چـەندین نـاوی وەك فەلەسـتینو قـودسو خوارووی لوبنانو کۆنغۆو ئەمریکای لاتینیو ناوی تریش لای شاعیرانو نووسـەرانی ئـەو سـەردەمە دووبارە ئەبنەوە"[٤٧]

لەهۆنراوەی (زیندان)دا دەڵێ:-

لەکۆنغۆدا
ڕۆژێ زیندانێ لەقەڵای
خۆی یاخی بوو
لەکردنەوەی دەرگاکانی خۆی مانی گرت
داوای ڕوخانی خۆی ئەکرد
باستیلەکان کۆبونەوە.. زیندانیان گرت [٤٨]

کۆنغـۆ[٤٩] خوازەیـە وەکـو ڕەمزێـك لـەجیاتی کوردسـتانو باسـتیلەکانیش خوازەیـە وەکـو ڕەمزێـك بـۆ فاشـیە عەفلەقیـەکانی بەغـدا بـەکار هێنـراون، کۆنغـۆ بـەراورێکی جوغرافیـە لەگـەڵ کوردسـتاندا، وەکـو کوردسـتان خێـرو بێـری زۆرە، بۆیـە پـاش ئـازاد بوونیشـی فەرەنسـا بـەناوی بـەرگریو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی هاوبەشـی چـاوی بڕیوەتـە سـامانی وڵاتەکـە بەتایبـەتی سـامانی نەوتی کەوەك کوردستان دەوڵەمەندە.

لەهۆنراوەی (ئەڵقە ڕێز)دا

ئەڵقەڕێزێ
یەك .. یەك
ئە.. ڵ..قە..ی
لەشی پ.. سا..ن
خۆی لەدەرگایەك ڕاپسکان

چونکە ئەو دەستەی هاتبوو

بەئەم لەدەرگاکەبدا..

ئەو دەستە بوو..

چوو بووە خوێنی

"کەمال عەدوان" (٥٠)

"کەمال عەدوانو کەمال ناسر دوو شاعیری لوبنانی بوون سەر بەحیزبی بەعسی ئەو وڵاتە بوونو بەدەستی ئیسرائیلیەکان تیرۆر کران، ئەو تیرۆرکردنە نەك هەر لەرۆژنامەکانی عێراقدا، بەڵکو لەتەواوی ڕاگەیاندنی دنیاداو لەلایەن گەلێ لەڕووناکبیرانی دنیادا پرۆتێستو ناڕەزایی بڵاو کرانەوە، بۆ ڕزگارکردنی "کازێوە"ش من هاتمو ئەو دوو ناوەم خزانە ناو دوو شیعرەوە کە لەوەبەر ڕەقیب خەتی بەسەر داهێنابوون"(٥١)

ناوی (کەمال عەدوان) خوازەیە وەکو ڕەمزێك لەجیاتی ڕووناکبیرو ئەدەبیانی کوردستان کەبەدەستی حیزبە ڤاشیەکەی بەغدا تیرۆر کران. "لەهۆنراوەی (مەل)دا، شاعیر دەڵێ:-

خۆڵو دۆیان کرد بەسەری

باخچەیەکی "ئەسمەر" داو

بەپشتاو پشت

گوڵەکانیان

سواری پشتی چقڵەکان کرد

دارەکانیان دارستانو شار بەدەرکرد

هەر دوو چاوی ئاویان کوێر کرد"(٥٢)

(ئەسمەر) (٥٣) خوازەیە، وەکو ڕەمزێك لەجیاتی کوردستان بەکاری بردووە، گوڵو چقڵیش وەکو دوو ڕەمزی دژبەیەك، گوڵی بەخەڵکی کوردستانو چقڵیش بەداگیرکەرانی کوردستان وێك چواندووە، کەوەکو دڕندەی کێویی بەربوونە گیانی ئەو خەڵکە بەسوتاندنی دارستانو وێران کردنی شارو گوندەکانی کوردستانو پڕکردنەوەی کانیو کانیاوەکانی.

ڕەمزو خواستن/ بابەتی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی گشتی خوازەو درکەیە، لێکچواندیش بۆبە بەبابەتی ئەو زانستەیە چونکە بنەمایەکە بۆ خواستن، لێکچواندن نەبێ خواستن دروست نابێ"(٥٤). بەگوێرەی ڕەخنەگرانو تۆژەرەوەی ڕەوانبێژی، لێکچواندن گرنگترین جۆری ڕەوانبێژییە، پێشەکی پێویستە بۆ لێ ورد بوونەوە لەخواستنو خوازەدا(٥٥). لەبارەی جیاکردنەوەی خواستن لەخوازەدا، ڕاستیەك هەیە، ئەویش ئەوەیە "هەموو خواستنێك خوازەیە، بەڵام هەموو خوازەیەك خواستن نییە بەلای جورجانی خوازە بنەچەیە، خواستنیش لقە، ئەم لقەش لەسەر پەیوەندی لێکچوون چێ دەبێ"(٥٦). لەکاتێکدا کەجوداوازیەکی ڕیشەییو ئاشکرا لەنێوان خواستنو لێکچواندن لەڕەوانبێژی کۆن دا دەبینرێ، بەڵام ئەم جیاوازییە لەڕەخنەی ئەورووپی نوێدا کەکاریگەرە بەنووسینەکانی ئەرستۆ، جیاوازییەکی ڕیشەییو بن بڕ نییە.

(جون مدلتۆن دەڵێ: "ستەمە جیاوازی گەوهەری لەنێوان خواستنو لێکچواندن بدۆزینەوە،

لەڕووی تایبەتمەندی بنچینەیی‌دا خواستن لێکچواندنێکی کورت‌و چڕە"[٥٧] ماکس بلاك ( Max Black) دەڵێ: "شتێکی چەسپاوە کەنزیکی لەنێوان خواستن‌و لێکچواندن هەیە، ئەو هێڵەی کەهەندێ خواستن لەهەندێ لێکچواندن جیادەکاتەوە بنڕو توند نییە"[٥٨] ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەردووکیان یەك مەبەست‌و مەرام بەخۆ دەگرن، هەروەکو (کلیانث برۆکس) دەڵێ:- ئامانجی خواستن‌و لێکچواندن، یەکەمیان ڕوون کردنەوەیە، دووەمیان جوانکارییە"[٥٩] دیارە لەئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاست دا، جیاوازی لەنێوان ووشەی ڕەمزو خوازە بەواتای خواستن نەبووە، دواتریش لەلای گۆتەو کیتس‌و بۆدلێر دا"[٦٠]. عبد القاهر الجرجانی لە اسرار البلاغەو (دلائل الإعجان) دا دەڵێ:- نەهێنی جوانی هونەری خواستن وەستاوەتە سەر ئەو لەخۆگرتنەی لەڕەمزو ڕاوەشاندن‌و ئامـاژە کردنە بەمانای شاراوەی دوور کەزاڵە بەسەر مانای دیاردا"[٦١] جیاوازی لەنێوان ڕەمزو خواستن دا "خواستن پارێزگاری ئەو دوالیزمە دەکات کەلەیەکیتی‌یەکەی دایە، بەڵام ڕەمز ئەو دوالیزمە لادەبات‌و ئاماژە زیاتر بەواتایەك یاخود بیرێك یان سۆزێك دەکات، دەبێتە دەربڕینێك کەناتوانرێ گوزارشتی لێ بکرێ، واتە سروش بەشتێ دەکاو بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە لەکرۆکدا تەم‌و مژاوییە"[٦٢]

لەهۆنراوەی (پیاوێ لەدارسێو)دا دەڵێ:-

پێویستە هێواش ببمەوە
لەبەر دەمی بێ بواری
دەریاچەکەی ئەم تەرمەدا
لەبەردەمی بەهەیبەتی
ئەم شاخە ڕاکشاوەدا [٦٣]

ووشەکانی (شاخ، دەریاچە) خواستراوەن، ڕەمزن بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی شاعیرو ڕۆماننووس، تەرمەکەشی لەبەسامی‌دا بەدیاردەکانی سروشت وێك چواندوە، شاخی ڕاکشاو ڕەمزە بۆ بڵندی‌و باڵایی‌و جوانی، دەریاچەش ڕەمز بۆ ژیانەوەو نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری، ئەمەش مانای وایە کەڕۆماننووس هەردەم وەکو ڕەمزی ڕۆشنبیرێکی باڵانماو نەمرو بەخشندە دەمێنێتەوە. لەهۆنراوەی (حاجی‌و کۆیە)دا، دەڵێ:-

لەو شارەدا پیاوێك هەبوو
دڵی هێندەی قۆخێك ئەبوو
کەچی نەخشەی گشت کوردستان
لەو دڵەدا جێی بوو بۆوە[٦٤]

ووشەی (پیاوێك) خواستراوە، وەکو ڕەمزێك لەجیاتی حاجی قادری شاعیری شۆڕشگێڕ بەکارهێنراوە دڵیشی بەخۆخێك وێك چواندوە، ئەم دڵە بچووکەی بۆ کوردستانی ئازادو سەربەخۆ لێی داوە، بەکارو کردەوەش هەوڵی ڕزگار کردنی کوردستان‌و دەوڵەتی کوردیی داوە.

"دیجلە ئەڵێ:

"مانگ"ی خائین وەختێ ئەچێ بۆ ئەستەمبوڵ

خەرمانەی خۆی ئەکا بەتۆڕێکی خڕو
تۆڕ هەڵئەداتە گیانەوەو ئەوین ئەگرێ!
هەموو جارێ "مانگ"ی خائین
تریفەی خۆی ئەکا بەگوارەو گەردانەو بەلاگیرەو
بەژنەکانی حەرەمی کۆشکی یەڵدزی ئەفرۆشێ (٦٥)

"مانگ"ی خائین خواستراوە، وەکو ڕەمزێك بۆ ئیدریسی بەدلیسی بەکاری هێناوە، بۆیە ئیدریسی بە "مانگ"ی خائینی وێك چواندوە، چونکە ئەم ڕۆشنبیرە مەزنە خزمەتی کاربەدەستانی عوسمانی کردووە، دژ بەگەلە هەژارەکەی و بەرهەمەکەشی کردۆتە تۆڕو گیانی شۆڕشگێرانی پێبەند کردووە.

ڕەمزو لێکچواندن

خوازەو خواستن و درکەو لێکچواندن لەبەشە سەرەکیەکانی ڕەوانبێژین و دەبنە پێکهاتەی ڕەمز، د. نصرت عبد الرحمن لەلێکۆڵینەوەکەیدا لەبارەی لێکچواندنەوە دەڵێ:- "لێکچواندن تێکەڵی قووڵایی بوونی مرۆڤ دەبێ هەوڵ دەدا ڕاوی ڕاستیەکان و لێ چوو لەوچوو بکات، زیاتر دووبارە بوونەوەیان پەیوەندی ڕەمزی دەگەیەنێ دوور لەپەیوەندی دیاری نێوان دوو لایەن (ئی. سی. دالاس) لەکتێبەکەیدا (هونەری شیعر)دا (٦٦) دەڵێ:- "خۆشەویستی شت پاڵمان پێوە دەنێ بۆ بۆ لێکچواندن، لێکچواندن و خواستن لەنیشانەکانی سۆزو خۆشەویستین، شاعیر لەدەرەوەی خودی خۆیدا هەست بەشتەکان دەکات"(٦٧)

لێکچواندن لەشیعری کلاسیکیدا ئامرازێکی سەرەکی شیعر بووە، بەڵام ئیمڕۆ ڕەمز لەشیعری هاوچەرخدا لەسنووری دیاری کراوی خواستن و لێکچواندن ناوەستێ ئەم سنورانە تێك دەشکێنێ و فراوان تر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

لەهۆنراوەی (من لەوێ ئاوێکی خنکاوم)دا، دەڵێ:-
من لەوێ ئاوێکی خنکاوم!
من لەوێ بەوێنەی پیاوێکی ڕۆبۆتی لەش قورس و
سەعاتم تەمەڵەو وەك پڕبم
لەپارچە ساچمەو
لەوردە ئاسنی ژەنگاویو
لەقوتووی تەنەکەی قوپاوو
لەشوشەی شکاوی خواردنەوە.. ئاوەها ڕێ ئەکەم(٦٨).

ئاوی خنکاو، ڕەمزە بۆ بێزاری و تەنیایی و ڕەش بینی و نامۆیی شاعیر، ئاوارەیی و مەنفای بەجۆرێ وێك دەچوێنێ، کەلەسوید نەك مرۆڤ لەئاودا دەخنکێ، بەڵکو تەنیایی و ئاوارەیی و دەربەدەری لەوێ ئەوەندە ترسناك و ناخۆشە گەیشتوتە پلەیەك کەخودی ئاو کەڕەمزی ژیانە لەسویددا گیان لەدەست دەداو دەخنکێ، شاعیر وەکو ڕۆبۆتێکی بێگیان هەڵس و کەوت دەکات، تەنانەت سەعاتەکەشی بەڕێکوپێکی جوڵە ناکاو لەلێدان دەکەوێ، خودی خۆی وەکو

جەستەیەکی بێ گیان، ئاسنی ژەنگاوی، تەنەکەی قوپاو، شووشەی شکاوویێك دەچوێنێ.

ئاوی تێنووم

جۆگەیەکم .. لەکەنارما خەم شین ئەبێ

ئازار.. ئەڕوێ و گوڵ دەرئەکا

چڵ.. تاجی گڕ لەسەر ئەکا

خوێن بولبول و.. بۆی ئەخوێنێ(٦٩)

ئاوی تێنوو وەکو ڕەمزێك بەکاری هێناوە کەخێرو بێری کوردستان لەنەوت و ئاو سودەکەی بۆ داگیرکەرانی کوردستانە، خۆشمان لێی بێبەشین، شاعیر خۆی بە (جۆگەڵە) یەك وێك دەچوێنێ کەلەکەناریا خەم و ئازار شین دەبێ، واتە ئێمە ئەگەر چی خاوەن سامانین کەچی تووشی زوڵم و چەوساندنەوە بووینەتەوە، لەو پێناوەش دا خوێن دەڕێژین کەڕەمزی قوربانیدان و خەباتە، خوێنیش بەبولبول وێك چواندوە، کەبولبول ڕەمزی ئازادییە واتە بەرامبەر (ئازارو خوێن) (گوڵ و بولبول)سەر دێنن کەڕەمزن بۆ سەرکەوتن.

شێرکۆ بێکەس لە(بۆننامە)دا دەڵێ:-

سنگ و بەرۆکی ژان دارك و، ئەگریجەی تانسۆ چیللەریش

قژی بێستانی هاوینەو... قژی ئاوێکی بۆگەنیش

دڵی غاندی و مارتن لۆثەر کینگ و

مەرگەوەرو ئەتاتورکیش

هەموو قورگێ ئەم بانگە سپی و ڕەشەی

ئەم گمەی کۆترو ئەم قیڕەی قەل و داڵەی

لەسەرخۆی تاپۆ کردووە"(٧٠)

شاعیر قژی ژان دارك بەبێستانی هاوینە وێك دەچوێنێ کەبۆنێکی یەکجار خۆشە، قژو ئەگریجەی تانسۆچیللەریش ئاوێکی وەستاو وێك دەچوێنێ کەئاوێکی پیس و بۆگەنە. بانگی سپی و ڕەشیش دوو ڕەمزن، ڕەمزی سپی ژان دارك و غاندی و مارتن لۆثە رکینگە کەوەکو ڕەمزی ئازادی و ئاشتی ناسراون و گمەی کۆترن کەخۆشی بڵاو دەکەنەوە، ڕەمزی ڕەشیش تانسۆچیللەرو مەرگەوەرو ئەتاتورکە کەڕەمزی خیانەتکارن لەمێژووی کورددا وەکو قەل و داڵ قیڕەی وێرانکارین.(٧١)

**٣- تەوەرەی سێیەم/ جۆرەکانی ڕەمز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا:**

**ڕەمزی ئەفسانەیی:** زاراوەو چەمکی ئەفسانە (Myth) وشەکە گرێکییە بەمانای هەر شتێکە بەپەیڤی زار دەربڕێ، بەگشتی ئەفسانە چیرۆکێکە کەڕاست نییە وەك دەستوور کەسانێکی تێدایە کەلەسەرووی سروشتن یان هەر چۆن بێ کەسانێکن لەسەرووی مرۆڤەوەن، ئەفسانە هەمیشە لەبارەی خەلقەوەیە، هەست و چەمك بەرجەستە دەکا، ڕوونی دەکاتەوە چۆن شت پەیدا بوونە. زۆر ئەفسانە لێکدانەوەی سەرەتایین بۆ سیستەمی سروشتی و هێزەکانی گەردوونی.(٧٢) "لەلاتینی ناوەڕاستدا (Legend) هەقایەتی خورافی بەمانای ئەو شتانەی دەخوێندرێنەوە هاتووە. لەبنچینەدا ئەفسانە چیرۆکی ژیانی

قەدیسەکان بوون کەلەژیانی دێرایەتیدا لەوانەیە لەکلێسە بخوێندرێتەوە، بۆیە سەر بەژیاننامەی قەدیسەکانە، پاشان زاراوەکە وای لێ هات بۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی لەم بابەتە بەکار دەهات، هەروەها بەو کتێبانەش دەگوترا کەچیرۆکەکانیان تێدا دەنووسران"[٧٣]

نووسەرانی کلاسیکی میتۆلۆژیای (Mythology) حازر بەدەستیان هەبوو، هی تر ئەوەندە بەختەوەر نەبوون‌و هەندێکی تر هەست بەپێویستیەکی گەورە دەکەن کەمیتۆلۆژیا دابنێن کەببێ بەکەناڵی بیروڕایان، شاعیران بەتایبەتی بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ ئەفسانەی گریك‌و ڕۆمان، بەڕادەیەکی کەمتریش بۆ ئەفسانەی ئەڵمانی‌و سکاندیناڤی، لەهەندێ باریشدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەفسانەی چینی‌و هیندی‌و میسری‌و ئەمریکای لاتینی[٧٤]. (کولدریج) لەم بارەیەوە دەڵێ:- "سەلیقەی کۆن ناوە کۆنەکان دەهێنێتەوە پێش" نموونەیەکی شیاو بۆ ئەو شاعیرەی کەمیتۆلۆژیای داهێناوە ویلیەم بلێکە، باس دەکا گوایە هەستی کردووە کەسیستەمێك دروست بکا، نەوەك دەبێ بەکۆیلەی کەسێکی تر"[٧٥]. میتۆلۆژیا کەبەعارەبی (علم الاساطیر)و بەئینگلیزی (Mythology) وە بەفەرەنسی (Mythologie) بەئەڵمانی (Mythologie)یە ووشەیەکی ئەوروپایی‌یە کەلەهێندێك لەزمانە نا ئەوروپایی‌یەکانیشدا وەك کوردی‌و فارسی‌و تورکی بەکار دەبرێ، ووشەکە لەباری ئیتمۆلۆژی‌یەوە دەچێتەوە سەر ووشەی (Mythos)ی وێنانی کەبەمانای ئەو چیرۆك‌و داستانانە دێ کەباسی خودێ‌و پاڵەوانانی ئەفسانەیی دەگێڕنەوە"[٧٦]

ئەفسانە لەواقیعدا زانستێکی کۆنە، کۆنترین سەرچاوەی زانیارییە مرۆییەکانە (د. نبیلە ابراهیم) دەڵێ:- "مرۆڤ لەکۆندا بەهۆی ئەفسانەوە بیروڕای خۆی دەرئەبڕی زیاتر روونـاکی ئەبەخشی‌یە جیهانەکەی گەر بێت‌و لەگەڵ قۆناغە پێشووەکەدا بەراوردی بکەین.. بۆیە ئەفسانە لەڕاستی‌دا ئەتوانین بەئەنجامێکی لێکدراوی زانستی مرۆڤایەتی بژمێرین"[٧٧]. کاتێك مرۆڤ بیری لەژیان‌و گەردوون‌و دیاردەکانی سروشتی کردۆتەوە، سەخت‌و گران هاتۆتە پێش چاو، بەرامبەریان حەپەساوەو پەنای بردۆتە بەر ئەندێشەو ئەفسانە (د. احمد کمال) دەڵێ:- ئەفسانە هەوڵی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لەسروشتی گەردوون‌و دیاردەکانی"[٧٨]. ئەفسانە ڕۆڵێکی گەورەی لەژیانی مرۆڤدا بینیوە بەهۆی ئەفسانەوە توانیویەتی ئارەزووە کپ کراوەکانی بەرجەستە بکات (بێرگسون) دەڵێ:- ئەفسانەو میتولۆژیا بەربەستی سەرکێشی عەقڵیان کرد کەزاڵ بوونی دەبووە هۆی ڕەش ببنی"[٧٩] ئەفسانە لەڕوانگەی زانایانی دەروونناسی‌یەوە گوزارشتی ڕەمزی‌یە لەهەستەکانی مرۆڤی زگماك لەترسی هێزی شاراوە، یۆنگ دەڵێ:- "ئەفسانەکان خەونی بەکۆمەڵن گوزارشت لەهەست‌و ئارەزووە کپ کراوەکان دەکەن"[٨٠] ئەفسانەی ڕەمزی قۆناغێکی زیاتر ئاڵۆزە لەقۆناغی ئەفسانەکانی کەشەکان بڕیویانە، بەشێوەیەکی گشتی لەئەفسانەکانی لێکدانەوە نزیکە، چونکە بەریگای خوازەیی گوزارشت لەبیری ئاییني‌و گەردونی دەکات"[٨١] بەکارهێنانی ئەفسانە لەشیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێیە لەئەنجامی کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی‌یەوە سەری هەڵداوە، بەتایبەتی شاعیرانی ئینگلیزی دوای ییتس دوو شاعیری گەورەی تر ئەزراپاوەند‌و تۆماس ئەلیوت شوێن پەنجەیان لەم بوارەدا دیارە، بەم جۆرە ئەفسانە جۆرە ئەدەبێکە کەبەستەڵەك بەلاوە دەنێ‌و بەرەو پێشکەوتن‌و گۆڕان هەنگاو دەهاوێژێ، دەوڵەمەندی جیهانی

ئەفسانە بۆتە هۆی مانەوەی وەکو سەرچاوەیەکی ڕەنگین بەدەست شاعیرانی نوێخوازەوە، تەنانەت وەکو پێویسییەکی لێ هاتووە. هەر لەبەر ئەمەشە د. عبد الرحمن بدوی دەڵێ:- "پێویستەشاعیر خەریکی دروست کردنی حکایەتو ئەفسانەکان بێ زیاتر لەچێ کردنی شیعرەکانی"[٨٢]

شاعیران لەچوار چێوەی گشتیدا بەکاری دەهێنن یاخود کەسایەتێکی دیاری کراویان وێنەیەك وەردەگرنو پەرەی پێدەدەنو کرۆکی نوێی پێدا دەڕێژنو ئەزمونی شیعریان پێبەهێزو تۆکمە دەکەن (جۆن لویس) دەڵێ:- "ئەفسانە پرۆسەی دۆزینەوەی بەدوا داچوونە"[٨٣]

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کەبەکارهێنانی ئەفسانە وەکو پێویستییەکی جوانکاری شیعر بەکار براوە بۆیە ڕەخنەگری فەرەنسی (ڕۆلان بارت) دەڵێ:- "خودی شیعر بریتییە لەداڕشتنەوەی ئەفسانە یاخود ئەفراندنی ئەفسانەی تازە"[٨٤] شێرکۆ بێکەس لە(کاوەی ئاسنگەر)دا دەڵێ:-

پشتی تاوان
پشتی ئەژدەهاکمان شکان
با ئەم ڕۆژە جەژنی گەل بێ
چەژنی ژیان
چەژنی کوردە چەوساوەکان[٨٥]

شاعیر ئەفسانەی ئەژدەهاکی وەکو ڕەمزی خوێن ڕێژو زۆردارو دیکتاتۆر بەکارهێناوە، بەنەمانی خەڵکی کوردستان کردویانە بەنەورۆز کەڕەمزی ڕزگاریو سەرکەوتنە بەسەر داگیرکەران.

شێرکۆ بێکەس لە(دوو سروودی کێویی)دا دەڵێ:-

بیرم نایە.. بەڵام ئەوەندە ئەزانم
بەیەکەوە من سیزیفو زۆرباو مەرگو
ئۆقیانووسم
باران نەنووستو
نەنووستم[٨٦]

(سیزیف)[٨٧] ڕەمزی بێ هیواییو شەکستیو بەفیڕۆ چوونە (زۆربا)[٨٨]ش پێچەوانەی سیزیفە دان بەسەر نەکەوتنی نانێ، شاعیر بەڕەمزی کەسایەتی کوردیان دا دەنێ، کەبەشێکی تێنەگەیشتووەو دەیەوێ ئاگادارمان بکاتەوە، بەشێکی تریش ئاگادارەو دان بەژێرکەوتنی خۆی نانێ، ئۆقیانووس ڕەمزی ئاوی زۆرو هێزە، سوودمەندەکە ڕەمزە بۆ کێشەو وڵاتەکەمان، بەڵام هەردەم کێشەکەمان بەقازانجی ئێمەی کورد تەواو نەبووە نوشوستیو مەرگو کارەساتی گەورەمان بەرکەوتووە.

لەهۆنراوەی (کۆچ)دا دەڵێ:-

ئەم زریانە لە (گلگامش)ی کاروانیا
قاڕەی تۆفان ناونووس ئەکات
دەرگای داستانو ئەفسانە
لەسەر "ئەنکیدۆ"ی هاوڕێی ئەکاتەوە[٨٩]

ئەفسانەی "گلگامێش" پاش مردنی "ئەنکیدۆ"ی هاوڕێی تۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ، بۆ

چارەسەركردنی مردن بەدوای گیانی نەمری وێڵ دەبێ، لەگەشتەكەیدا قارەی تۆفان تۆمار دەكات كەرەمزی كارەسات و نسكۆو نەهامەتی و ناخۆشییە كەبەسەر گەلی كورد داهاتووە.

لەهۆنراوەی (خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ) دا دەڵێ:-

من خاچی مارتێ ئاڵاوم

من نەفرەتێكی یەزدانییم

لەسەر ئەم جەستە كۆچەرە

من سی بزماری ڕواوم!

وەكو باڵام خاچ هەڵكشا، من عاشقەو

مار عاشقەی تێكەڵاوی سەر ئەم خاچەین[٩٠]

هەرچەندە خاچ ڕەمزی ئایینیە، سیمبولی ئازارو ڕەنج و نارەحەتیە، ئەفسانەی ماریش ڕەمزی ترس و دڵەڕاوكێ و بێئارامیە، هەر لەمنداڵییەوە لەگەردەنی شاعیر ئاڵاوە و لێی جودا نابێتەوە بزماریش ڕەمزی داگیركەرانی كوردستانە لەجەستەی ڕواوە تووشی دەبەدەری كردووە، بۆیە شاعیر لەنێوان واقیع و ئەفسانەدا ژیان بەسەر دەبات.

ڕەمزی ئایینی/ كتابە پیرۆزەكان سەرچاوەیەكی گرنگی ئەفسانەن، "پێویستە دانیپێدا بنێین كەزەحمەتە جوداوازی لەنێوان ئەفسانەو ئایین بكرێت، شتێكی ئاسان نییە بزانرێ كامیان پێشتر پەیدابووە، لەكوێوە ئەفسانە دەرچووە بەرگێكی ئایینی و هەروەها لەدەست پێكی ئایینیشدا مۆركێكی پێچراوی ئەفسانەی هەبووە."[٩١] هەرچەندە بەناخ و ناوەڕۆكی هۆشیاری ئایینی شۆڕبینەوە بۆ گەیشتن بەسەرەتاكانی بۆمان بەدەردەكەوێ، كەئەستەمە ناوەڕۆكی بیرو باوەڕ لەزمانی ئەفسانەیی جودا بكەینەوە"[٩٢]). شاعیرانی كلاسیكی بەشێوەیەكی بەرفراوان مامەڵەیان لەگەڵ ئایین كردووە، چونكە پێكهاتەی بەشێكی زۆریان لەسەر بنەمای ئایین چێ بووە، هەرئەمەش وای كردووە كەهەندێكیان ڕێبازی سۆفیزمانە بگرنە بەرو بەشێوەیەكی ڕەها تێیدا قووڵ ببنەوە. "سەرەڕای ئەم چوونە ناو یەكە، هەروەكو دەردەكەوێ، ناوەڕۆكی ئەفسانەو ناوەڕۆكی ئایین لێكتر دوورن لەلێك چوون و پێك گرتن دا بەڵام لەشیعری نوێدا بەجۆرێكی تر مامەڵە لەگەڵ ئایین كراوە"[٩٣]

"شاعیری هاوچەرخ لەبەكار هێنانی ڕەمزدا بەعەقڵیەتی ئایین بیرناكاتەوە، لەمەدا بۆمان دەردەكەوێ كەلە نێوان ئەزمونی سۆفێتی و تاقیكردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە، ڕاستە هەردووكیان خاوەن تێڕوانین و بەدوا دا چوونن"[٩٤] بەڵام جوداوازی لەتێڕوانینیاندا بەدی دەكرێ، سۆفێتی گوزارشت لەتێڕوانینی بكا، بەڵام كەتێیدا قووڵ دەبێتەوە تێڕوانینی بەلاوە گران دەبێ، بەڵام بەلای شاعیرەوە تێڕوانین هۆیەكە بۆ گوزارشت كردن، هەرچەندە بچینە ناخیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەشاعیران بەتاقیكردنەوەی سۆفێتی تێدەپەڕن كەچی هەر بەجیاوازی لەتاقیكردنەوەی سۆفێتی دەمێننەوە"[٩٥] شێركۆ بێكەس سودی لەڕەمزی ئایینی وەرگرتووە بەشێوەیەك ئاسۆیەكی نوێی پێبەخشیوە، كەلەگەڵ كێشەكانی سەردەم بگونجێ و بەجۆرێكی وا دایڕشتۆتەوە كەمەبەستی تری لێ دروست كردووە. شاعیر لەسروودەكانی (مەلەك تاووس) دا دەڵێ:-

ئەی فریشتەی ڕۆحی سپیی!

ئەی (مەلەك تاوس)ی ڕەنگین

بەڕەنگەکانی وڵاتو بەڕەنگەکانی قوربانییم

باڵ لێکدەو سەرکەوە سەرکەل

ژاڵەیی جەستەی من

بەدەنووك لەتۆوی رووناکی شیعرمو

ڕیشاڵی ئەنگۆرەی (هەڵەبجە)م هەڵگرەو

بیبەوە بۆ (لالش)[٩٦]

(مەلەك تاووس) لەلای ئێزدی‌یەکان ڕەمزی ڕۆناکیو خێرە، دەوری ڕزگارکەرێك دەبینێ، لەئاخرزەماندا دەردەکەوێ بۆ ئەوەی جیهان لەخراپەکاریو بێدادی پاك بکاتەوە. جاشاعیر داوا لە (مەلەك تاوس) کەیاری خودێیە، لوڕکێکی تاڵی جەستەی شاعیر کەڕەمزە بۆ ئەو هەموو کارەساتو مەرگەساتەی گەلەکەمان وەك ئەنفالو کیمیا باران هەڵبگرێو بیباتە مەزارگای پیرۆزی (لالش). لەهۆنراوەی (پەیامی وون بوو)دا، دەڵێ:-

کەئاوێستا

لەئاسۆی بیری زەردەشتا

بۆ کورد هەڵهات

کەپەیامی.. ئاهورامزدا

لەلوتکەوە بانگی هەڵدا

بۆ گشت دنیا..

بوو بەئاوات[٩٧]

ئاوێستا پەرتووکی پیرۆزی (زەردەشت)ە، زەردەشت پێغەمبەری کوردو ئێرانییەکان بووە، لەئایینی زەردەشتاکەلەسەر دوو کۆلەکەی سەرەکی وەستاوە، تاریکیو ڕۆناکی، ئامورامزدا ڕەمزی خوداوەندی خێرو ڕۆشنیو ڕاستییە، ڕۆژو ئاگریش دروشمی رووناکین (زەردەشت) لە (ئاهورامەزدا)ی پەروەردگار دەپاڕێتەوە کە پەیامەکەی لەدنیادا پەخش بکا تاکو رووناکی شوێنی تاریکی بگرێتەوە.

لەهۆنراوەی (نیشانە)دا دەڵێ:-

لەدوای "مەسیح"

خاچ بوو بەنیشانەی دییان

ئەی بۆ شەهیدی کوردستان؟!

من نیشانەو

مەدالیای

سێدارەیەك دروست ئەکەم[٩٨]

لەدوای لەخاچ دانی مەسیحو ستەمو زوڵم لێکردنیو ئازاردانی خاچ بوو بەڕەمزی مەسیحیەکان شاعیر ئەو هەموو زوڵمو زۆردارییەی لەکورد کراوە بەزوڵمی مەسیحی وێك دەچوێنێو سێدارەش دەکاتە ڕەمزی شەهیدانی کوردستان. لە(دەربەندی پەپوولە)دا دەڵێ:-

تۆ زەردەشتێکی سووتاوی

ئەوەتەی هەی گڕئەتخوات و هەر گڕئەگری

ئەوەتەی هەی ئەم جیهانەیش

ئاسمانێکی کوێرو کەڕەو

تۆش بەردەوام هەر دووکەڵی[(٩٩)]

شاعیر زەردەشت دەکا بەڕەمزی سووتان و دووکەڵی کوردستان، چونکە لەئایینی زەردەشت دا گڕو ئاگر ڕەمزی ڕۆناکی و سەرکەوتنە، بێدەنگی ئەم جیهانەیش بەئاسمانێکی کوێر وێک دەچوێنێ کە لەئاست کێشەی کورد، ورتەیەکیان لێوە نەهات.

ڕەمزی مێژوویی/ مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە، پڕیەتی لەڕووداو کارەساتی هەمە جۆر جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی لەلایەك ئەزمونی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکا، لەلایەکی تر کەسایەتیيە مێژووییەکان وەکو دەمامکێك وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە "گوزارشت لەهەڵوێستی شاعیر بکات یاخود کەمو کوڕیەکانی چەرخی نوێی پێ بەدەرخا"[(١٠٠)]

شێرکۆ بێکەس ڕووداوو کەسایەتیيە مێژووییەکانی خستۆتە ڕوو بەمەبەستی ئەوەی وانەی لێ وەربگیرێ، هەندێك وەك ڕەمزی ئازایەتی و پاڵەوانیەتی وەکو عەبدولخالق مەعروف، خۆنەویست قازی محەمەدی نەمر، شێخ مەحمودی نەمر، بارزانی نەمر، سمکۆی شکاك، هەلەبجە، ئەنفال ... هتد بەشێکی تریش وەك ڕەمزی خیانەت و ناپاکی و خۆفرۆشتن ئیدریسی بتلیسی، مەلای خەتێ... هتد

شاعیر لەهۆنراوەی (پیاو)دا، دەڵێ:-

کەئەویان کوشت

هەر هەمان سات

مەرگەوەڕێك زیندو بۆوەو

دەستی گوڵ کوژانی، گوشی

"مەلای خەتێ" یەك هاتەوەو

بەپێی پەتی و سەر قۆتی

سەرکەوتەوە سەرمنارە!![(١٠١)]

شاعیر دوو جەمسەری دژی خستۆتە ڕوو کەتێکۆشەرێك شەهید دەبێ کەڕەمزی بەرگرییە، مەرگەوەڕێك کەڕەمزی دووزمانی و ناپاکییە لەدایك دەبێ، مەلای خەتێ یەکیش کەڕەمزی خیانەت و خۆفرۆشتنە لەمێژووی گەلەکەمان پەیدا دەبێتەوە. لەهۆنراوەی (کەڵ)دا دەڵێ:-

ڕەگی دار گوێزی ژیانی ئەم گەلەیە

هەورە تریشقەی سەنگەرو

قەڵای سوور

هەزاران "عبد الخالق"ی پێشمەرگەیە[(١٠٢)]

ڕەگی دار گوێز کەڕەمزی ژیانەو هەورە تریشقەو قەڵای سووریش ڕەمزە بۆ پێشمەرگەی گیان لەسەردەستانی کوردستان، ئەوهایش عەبدولخالق مەعروفیش وەکو ڕەمزی نووسەرێکی نەمر چووە ناو مێژووی پرسەروەری گەلی کوردەوە. لەهۆنراوەی (ژەهر)دا، دەڵێ:-

دێوەکان ئەمجارەش خۆرێکی دایکمیان لەباربرد!

دێوەکان ئەمجارە لەڤڕگەی هەر هەموو دنیاوە

لەڤڕگەی نەوتەوە.. لەڤڕگەی سنگمەوە

فڕین و هاتن و بارانی

دۆزەخیان بەسەردا بارانم

هاتن و تاعوونی هەوایان بەردایە ئاسمانم(١٠٤)

دێوەکان ڕەمزی بەعسیە ڤاشیەکانی بەغدایە کە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ ئاگریان بەسەر ئاسمانی هەڵەبجەدا باراندو پێنج هەزار کوردیان شەهید کرد، خۆری دایکیش ڕەمزە بۆ شاری هەڵەبجە کەشوێنی لەدایک بوونی شاعیران گۆران و ئەحمەد موختار جافە، دۆزەخیش ڕەمزە بۆ گاری خەردەل و سیانیدو سارین و گازی کوشندەو دەمار گیرو سوتێنەر کەهەوای شارەکەیان تاریک و ڕەش کرد. شێرکۆ بێکەس لەهۆنراوەی (ڕەنگدان)دا دەڵێ:-

لەهەرکوێیەك خۆت بتەوێ

ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی

بەیەکەوەو لەناو یەکداو لەناو دۆڵدا

تێکیان هەڵدەی

"شەوی مەرگ

لمی سەحراو

زریکەی کۆچ.."

بەیەکەوە تابەیانی بیانشێلی

ئەنجام ڕەنگێك دروست ئەبێ ڕەنگێکی نوێ

پێی ئەڵێن ڕەنگی "ئەنفالی"(١٠٥)

لێرەدا (شەوی مەرگ، لمی سەحرا، زریکەی کۆچ) ڕەمزی کارەسات و مەرگەساتی کوردە کەئەویش ئەنفالە کەڕژێمی گۆڕ بەگۆڕ وەکو پرۆسەیەکی داڕێژراو بەئەنجامی گەیاندو یەکەم شاڵاوی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد کەبوو بەهۆی سووتاندن و وێران کردنی نزیکەی (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەی کوردستان و کۆچ پێکردنی خەڵکەکەی و دوورخستنەوەی بۆ خوارووی عێراق و زیندە بەچاڵ کردنی نزیکەی(١٨٢) هەزار کوردی بێ تاوان. جا تێکەڵ کردنی (شەوی مەرگ، لمی سەحرا، زریکەی کۆچ) دەبنە ڕەنگی شین کە ڕەمزن بۆ ئاشتی و ئازادی و ڕاپەڕین کەتێیدا ئەنفالچیەکان نغرۆ بوون. لەهۆنراوەی (دەربەندی پەپوولە)دا، دەڵێ:-

"کەهاتم

لەبەردەم دەروازەی هەناسەی ساردتانا

تاقێکم بۆ لێدەن

شیاوی شای خەم بێ و ئەم تاجی غوربەتە

شیاوی ڕیشەکەی "خەندان"ەو[١٠٦]

شیاوی هەیبەتی "جەلادەت"ە[١٠٧] "[١٠٨]

شای خەم ڕەمزە بۆ ئەم دووکەڵە ڕۆشنبیرە (شەریف پاشاو جەلادەت عەلی بەدرخان) کەڕۆڵێکی گرنگی مێژووییان لەسەر دۆزی کورد، لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە نەخشاندووە، لەئەنجامدا تووشی ئاوارەیی و مەنفا دەبن.

ڕەمزی کەلەپووری

کەلەپوور کەرەسەیەکی فراوان و زەنگینە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و مێژووی هەموو میللەتێک " تەنانەت ئەوانەش کەشۆڕش لەسەر کەلەپوور بەئەنجام دەگەیەنن، درك بەو ڕاستییە دەکەن، کەبوونی ڕابردوو چ ئاسۆیەکی لەشارستانێتی نوێدا هەیە"[١٠٩]. هەرچەندە ئەو ڕەمزانەی کەڕیشەیەکی مێژوویی‌یان بەخۆوە گرتووە، وە لەڕێگای ئەم مێژووەش بەتاقی‌کردنەوەی شێوازی بنچینەیی پەیوەندی دارن، کاتێ شاعیری هاوچەرخ بەکاری دەهێنێ پێویستە بەتاقی‌کردنەوەی ئێستاوە پەیوەندی‌دار بێ.[١١٠]

شاعیرانی تازەش لەڕادەبەدەر پشت بەکەلەپووری میللی دەبەستن و ئەزمونی خۆیانی پێ گەشەدارو ڕەنگین دەکەن چونکە هەروەك سیگموند فرۆیدش جەختی لەسەر دەکات کە "ڕەمز زیاتر پڕترو کاریگەریشی لە واقیعی ڕاستەقینە زێدەترە کە لەخوڕافات و حیکایەت و ئەفسانەکان و نوکتەو هەموو کەلەپوورێکی میللی‌دا دەبینرێت[١١١] شێرکۆ بێکەس لەشانۆگەری (ئاسك)دا، دەڵێ:-

پیرۆت: کەئاسکە موبارەك.. دڵ تەنگ بوو

دێکەمان دڵتەنگە

تەنگانەی کە توش هات

تەنگانە ئەبینین

کوێخا: شتەکە هەر لەدەست خودایە

بەئێمە چی ئەکرێ

وسو: کارەسات ئەوەیە کە ئاسکە موبارەك

نەمێنێ هیچ شتێ نامێنێ

ئەو تەنیا یەکێکەو قەت نابێ بەدوو

سوارە: کارەکە هەرکاری دەعبایەو هیچی تر

ئێستاکەش بەئێمە چی ئەکرێ؟![١١٢]

شێرکۆ بێکەس سودی لە کەلەپووری میللی وەرگرتووە، کێشەیەکی هاوچەرخانەی نوێی

پێدارشتۆتەوەو ئەزموونی شیعری بەکۆمەڵە ڕەمزێك خستۆتە ڕوو (ئاسك) ڕەمزی شۆڕشەو تووشی نسکۆ بووە، (پیرۆت) ڕەمزی شۆڕشگێڕەو دەیەوێ ئاسك ڕزگار بکات (کوێخا) ڕەمزە بۆ بیری کۆنە پەرستی کەبۆ چارەسەری کێشەکان ڕوو بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە.

(دەعبا)ش ڕەمزی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانە. شێرکۆ بێکەس لەهۆنراوەی (کۆچ)دا، دەڵێ:-

کاتێ هاتی و لەگەڵ خۆتا
وێنەی شیرینت بۆ هێنام
شیرین وایە؟!
شیرین تەنیا یەك شیرینە
شیرین وایە
تۆ بیبینە ئەم شیرینە.. دەستەکانی
لێ بۆتەوە
چاوەکانی لەگەڵ پێڵوی
جوێ بۆتەوە(١١٣)

لێرەدا شیرین ڕەمزیوەفا و خۆشەویستی و دڵداری فەرهاد نییە، بەڵکو بۆتە ڕەمزی نیشتمان و خاك و کێشەکانی کورد.

فەرهاد شیرینی وات ئەوێ؟!
فەرهاد ڕووبارێکت ئەوێ
درەختی خۆی بخنکێنێ؟!
فەرهاد باڵدارێکت ئەوێ
هێلانەی خۆی بشێوێنێ و
ڕازی بێ بەوەی کەنەفرێ؟!(١١٤)

فەرهادیش لێرەدا بۆتە ڕەمزی میللەت، (ڕووبارو باڵداریش) ڕەمزن بۆ سیاسەتمەدارانی کورد کە بەهۆی هەڵەی چەوتەوە میللەتەکەیان تووشی سەرگەردانی و ماڵکاولی و نەهامەتی کردووە.

لەهۆنراوەی (کۆچ)دا، دەڵێ:-

ئەی (پەری خان)ی وڵاتی خۆڵەمێش و گوڵە باخم
ئێمە بەتەنیا هەر نیگای تۆ شك ئەبەین
خۆت لەناو گێژی تۆفاندا وەستاویت و چاوت لێیە
دڵدارەکانت.. دەرئەکەن
میزئەکەنە ناو پشت مل و دەسمانەوە
بەمیز "فەرهاد" یان لەسەر کارتۆنی
بەتاڵی.. وێسکییەکانیان.. بۆ ئەنووسین(١١٥)

(پەری خان) لەجیاتی (شیرین) بەکاری هێناوە ڕەمزی خۆشەویست و دایك دەگەیەنێ،

فراوانیـەکی زۆری پێبەخشـیوەو پـەنای بردۆتـە بـەر کەلـەم کۆچـو کۆچـڕەوەدا حەشـارگایان بـێ، چونکە دڵدارەکانی کە ڕەمزە بۆ خەڵکی کوردستان دووچاری ڕیسوایی و دەربەدەری بونەتەوە.

## ئەنجام:

لەکۆتایی لێکۆلینەوەکەمدا گەیشتمە ئەم خالانەی لای خوارەوە:-

١- شاعیر لەبەرسانسۆرو ڕێگەنەدان بەبلاو کردنەوەی بەرهەمەکانی، ناچاربووە کەهەندێ جار پەنا بەرێتە بەر هەندی ناوی شوێن وەکو فەلەستین، لوبنانو کۆنغۆ، یاخود ناوی هەندێ نووسەر وەکو کەمال عەدوانو ناسر عەدوان تاکو شیعرەکانی پێ پەردە پۆش بکات.

٢- شاعیر توانیویەتی لەڕێگای ڕەمزەکانی ئەفسانەییو ئایینیو مێژوویی و کەلەپوورەوە کارەساتە گەورەکان وەکو نسکۆو ناهەمەتیو کێشە سیاسیەکان بخاتە ڕوو.

٣- شاعیر شان بەشانی ڕەمزی میللی، ڕەمزی جیهانیشی بەکاربردووەو بەرهەمەکانی پێ دەوڵەمەندو بەپێز کردوون.

٤- بەمەبەستی دەرخستنی حاڵەتە ناکۆکەکان شاعیر پەنای بردۆتە بەر ڕەمزی دوالیزم کەئامەنجەکانی پی بەرجەستە بکات.

٥- شاعیر بەشێوەیەکی هاوچەرخانەو نوێخوازانە مامەڵەی لەگەڵ زانستەکانی ڕەوانبێژی وەکو (خوازە، خواستن، لێکچواندن) کردووە. کەسیمایەکی نوێی بەشیعرەکان بەخشیوە.

٦- زیاتر لەپاش حەفتاکان ڕەمزەکان لەلای شێرکۆ چڕترو کۆکتر خۆیان دەنوێنن ئەمەش لەلایەك بۆ پەرەسەندنی ڕۆشنبیری سالآنی حەفتاکان دەگەڕێتەوە لەلایەکی تریش شاعیر ماوەیەك ژیانی لەئاوارەیی بەسەر بردووە. بەم جۆرە لەتەك جوانکاری مەبەستە سیاسیەکانیشی پێکاوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1. J.A. cuddon: Adictionary of Literary Terms, Penguin Book, Great Britain, 1979, P.671.

٢. د.محمد فتوح احمد: الرمز والرمزية في الشعر المعاصر, دار المعارف, القاهرة، ١٩٧٨، ص٣٣.

٣. نفس المصدر, نفس الصفحة.

٤. د.كامل حسن البصير: بناء الصورة الفنية في بيان العربي، مطبعة المجمع العلمى العراقي، بغداد، ١٩٨٧، ص١١٦.

٥. جبور عبد النور: المعجم الأدبي، دار العلم للملايين، بيروت١٩٨٤ ص.١٢٤

6. C. D. Lewis: The Poetic Image, Oxford univ press, New York, 1948, P. 107.
7. W. Y. Tindall: The literary symbol, New York, 1955, P. 102.
8. Ibid, P. 5.
9. Louis Hourticq: Lart, et La litterature Ed, Flammarion, Paris, 1946, P. 240.

١٠. ارشيبالد مكليش: الشعر والتجربة، ت: سلمى الخضراء الجيوسي، دار اليقظة العربية، بيروت،١٩٦٣ ، ص.٩٣

١١. د.محمد فتوح احمد: الرمز والرمزيه في الشعر المعاصر، ص.١٢٦

١٢. سيخموند فرويد: محاضرات تمهيدية في التحليل النفسي، ترجمة د. احمد عزت، راجح الطبعة الثانية، مكتبة الآنجلو، القاهرة،بلا،ص١٥٥-.١٨١

13. Friar, Kimon and Brinnin, John Malcolm: Modern Poetry, Americand and British, New York, 1957, P. 421.
14. C. M. Bowra: The Heritage of symbolism, New York, 1960, P. 188.
15. Ibid, P. 191.
16. C, Juny: Psychological Types, Tr. By H. G. Baynes, New York, 1926, P. 601.
17. Daniel leuwers: Introduction a La Poesie, Moderne et contem poraine, Ed Bordas, Paris, 1990, P. 40.
18. Decaudin Michel: La Crise des Valeurs symbolistes, Touloues, 1960, P. 25.
19. Ibid, P. 23.
20. Daniel leuwers, Introduction a La Poesie, P.42.
21. Rene Lalou: Histoire de la litterature Francaise, Contemporaine, V1, Paris, 1953, P. 22.
22. J. A. Cuddon: A Dictionary of litterary Termes, P. 672.
23. Frank Kermode: Romantic Image, The Macmillan & co, New York, 1957, P. 672.
24. Rescusede France: Le nuage rouse, Paris, 1977, P. 44.
25. Guy Michaud: Message Poetique du symbolisme, Paris, 1947, P. 331.

٢٦. أمية حمدان: الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد،بغداد،١٩٨١ ص.٢٤

٢٧. د. إحسان عباس: فن الشعر،دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت،١٩٥٩،ص.١٠٦

٢٨. د.محمد الفتوح احمد: الرمزية والرمزية في الشعر المعاصر،ص.١١٥

29. C. M. Bowra: The Heritage of symbolism, P. 14.
30. Daniel leuwers: Introduction a la Poesie, P 45.

٣١. أنطوان كرم: الرمزية والادب العربي الحديث، دار الكشاف، بيروت،١٩٤٩،ص.١٤

٣٢. درويش الجندي: الرمزية في الادب العربي، مكتبة نهضة مصر، القاهرة ١٩٥٨،ض.١٢٠

٣٣. د. عز الدين اسماعيل: الشعر العربى المعاصر، دار العوده، بيروت، ١٩٧٣، ص .١٩٣

34. H. Read: Collected Essays in literary Criticism, London, 1952, P. 92.

35. Ibid, P. 42.

٣٦. د.بدوي طبانة: قضايا النقد الأدبي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧١ض١٥٧.

٣٧. د.محمد الفتوح احمد: الرمزي والرمزية في الشعر المعاصر،ص.١٤٣

38. Andre Breton: Manifestes du surrealisme, Ed, Gallimard, Paris, 1972, P. 12.

39. Ernst Cassirer: An Essay on Man, New Haven, 1944, P. 32.

40. Ibid, P. 35.

٤١. انطوان كرم: الرمزية والأدب العربي الحديث،ص.١٢

42. Christian Baylon, Paul Fabre: Initiation a la linguistique, Ed, Fernand, Nathan, 1975, P. 5.

٤٣. جوان ماكوين: موسوعة المصطلح النقدي، ترجمة د. عبد الواحد لؤلؤة، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢، ص.٤٦٦

٤٤. د.مهدى الصالح السامرائي: المجاز في البلاغة العربية، دار الدعوة سوريا،١٩٧٤، ص.٢٢٩

٤٥. د.مصطفى سويف: الأسس النفسية للإبداع الفني،دار المعارف مصر،١٩٥١،ص.١٩١

٤٦. عزيز گەردی: رەوانبێژی له ئەدەبی کوردیدا، دارالجاحظ،بەغدا،١٩٧٢،ل٦٨.

٤٧. یاسین قادر: شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین، سەردەم سلێمانی،٢٠٠١،ل.٣٤٢

٤٨. شێرکۆ بێکەس:کازیوه، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،١٩٧٨،ل ٢٣-٢٤.

٤٩. کونغۆ، کۆمارێکه له کۆمارەکانی ئەفریقیای ناوەراست ساڵی ١٩٧٦سەربەخۆیی خۆی به دەست هێنا.

٥٠. شێرکۆ بێکەس: کازیوه، ل .٢٥

٥١. یاسین قادر: شێرکۆ بێکەس چەپکێك هەڤپەیڤین ل .٣٤٢

٥٢. شێرکۆ بێکەس: کازیوه، ل ٣١-.٣٢

٥٣. ئەسمەره، پایتەختی ئەریتریایه، لەساڵی (١٩٦١) ەوه له خەبات دان، دوو چاری زوڵم و زۆرداریەکی زۆر بوونەوه، تالەساڵی ١٩٨٤ ئازادیان بەدەست هێنا.

٥٤. عزیز گەردی: رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا،١٩٧٢،ل.١٨

٥٥. د.جابر عصفور: الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دار الثقافة،القاهرة،١٩٧٤،ص.٢٠٧

٥٦. د.مهدى الصالح السامرائي: المجاز في البلاغة العربية، ص.١٠١

57. J . M. Murry: Metaphor, The Problem of style, London, 1968, P. 23.

58. Max Black: Models and Metaphors, studies in Language and philosophy, cornel university Press, 1963, P. 37.

59. Brooks, C. Warren, R. P: Modern Rhetoric, New York, 1949, P. 415.

٦٠. هنرى بير:الأدب الرمزي، ت: هترى رغيب، منشورات عويدات، باريس، ١٩٨١، ص.٨

٦١. روز غريب: تمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧١، ص ١٩٤.

٦٢. امية حمدان: الرمزية والرمانتيكية في الشعر اللبناني، ص .٢٦

٦٣. شێرکۆ بێکەس: پیاوێ له دار سێو، سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٠، ل٨٥.

٦٤. شێرکۆ بێکەس: ژن وباران، چاپخانەی ئۆفستی خاك،سلێمانی،٢٠٠٠،ل.٨١

٦٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

٦٦. د.نصرت عبد الرحمن: الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، مكتبة الأقصى،عمان،١٩٧٦، ص.١٠٦

٦٧ سی.دی لویس: الصورة الشعرية، ت: د. احمد ئصيف الجنابي، مالك صبري، سلمان حسن إبراهيم، دار الرشيد للنشر بغداد،١٩٨٢،ص.١٠٢

٦٨. شێرکۆ بێکەس: پاییزە مێوان، چاپەمەنی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل.٩١

٦٩. شێرکۆ بێکەس: من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ، دەزگای چاپەمەنی (الحريه)، بەغدا، ١٩٧٤، ل.٣٦

٧٠. شێرکۆ بێکەس: بۆ ننامە، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٤٧-٤٨.

٧١. ژان دارك (١٤١٢-١٤٣١) ئافرەتێکی قارەمانی فەرەنسی بوو، لەپێناوی ڕزگارکردنی فەرەنسا، بەرەنگاری ئینگلیزەکان بۆوە، دوای ئەوەی دەستگیر کرا، سوتێنرا.

72. J. A. Cuddon: Adictionary of literary Terms, P. 408.

73. Ibid, P. 356.

74. Ibid, P.408.

75. Ibid, P. 409.

٧٦. جەمال نەبەز: سەرنجدانێك لەمیتۆلۆژیای کورد، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆلم، ١٩٨٦، ت٣.

٧٧. د. نبيله ابراهيم: الاسطورة، ت: محەمەد بەدری، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٦، ل٧٤.

٧٨. د. احمد كمال زكي: الأساطير، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٧٥، ص.٥٩

79. Bergson: The two sources of Morality and Religion (Translated) Doubleday and Co, New York, 1935, P. 119.

80. C. G. Jung: Psychology of The unconscious, Trans by Beatrice M. Hinkle, London, 1933, P. 15-21.

٨١. د. احمد كمال زكي: الأساطير، ص ٤٩.

٨٢. عبد الرحمن بدوي: فن الشعر، مكتبة النهضة، القاهرة، ١٩٥٣، ص .١٣

83. John Lewis: Anthropology, London, 1969, P. 183.

٨٤. رولان بارت: الأسطورة اليوم، ت: حسن الغرقي، بغداد، ١٩٧٢، ص٩.

٨٥. شێرکۆ بێکەس: کاوەی ئاسنگەر، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١، ل.٢٢

٨٦. شێرکۆ بێکەس: دوو سروودی کێویی، چاپخانەی (الاديب)، بەغدا، ١٩٨٠، ل.٣٥

٨٧. سیزیف ناسراوە بە فێڵبازو دەغەڵ، خوداوەند (زیوس) سزای دەدا، چونکە نەهێنییەکانی دەرخستوە، ڕەوانەی جیهانی مردووەکانی دەکا، لەوێش ڕادەکا، پاشان سزایەکی توندی بەسەردا دەسەپێنێ کەبەردێکی قورس بباتە سەر لوتکەی چیا، بەردەکەش خلۆر دەبێتەوە، لەکارەکەیدا بەردەوام دەبێ، هەرچەندە ئەنجامەکەش باش دەزانێ کەژێرکەوتن و بێهودەییە.

٨٨. نیکۆس کازانتزاکیس ڕۆمانی (زۆربا)ی لەساڵی ١٩٤٢دا نوسیوە، نوسەر ماوەیەك لەگەڵ پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە زۆربا دەژیت و زۆر شتی لێ فێر دەبێت، زۆربا کەسایەتێکە چۆن دڵی بخوازێ بەو جۆرە دەژیت، یاسای تایبەتی بەخۆی هەیەو ملکەچی ژێر نەکەوتنی نابێ و بەپێی خودی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.

٨٩. شێرکۆ بێکەس: دوو سروودی کێویی، ل .٣٧

٩٠. شێرکۆ بێکەس: خاچ و مار ڕۆژمێری شاعیرێ، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨، ل.٢٠

٩١. د. عاطف جودة نصر: الرمز الشعري عند الصوفية، دار الأندلس، بيروت، ١٩٧٨، ص.٣١

92. Paul Arthur schilpp: The philosophy of E. cassirer The library of living philosophes, 1949, P. 23.

٩٣. د. عاطف جودة نصر: الرمز الشعرية، ص٣١.

٩٤. د. عز الدين إسماعيل: الشعر العربي المعاصر، ص.٤٩٧

٩٥. نفس المصدر السابق، نفس الصفحة.

٩٦. شێرکۆ بێکەس: نسێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٤٢.

٩٧. شێرکۆ بێکەس: تریفەی هەڵبەست، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغداد، ١٩٦٨، ل٣١.

٩٨. شێرکۆ بێکەس: دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠، ل ٣٢٣.

٩٩. شێرکۆ بێکەس: دەربەندی پەپوولە، چاپەمەنی ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ل ٧٣.

١٠٠. د. احسان عباس: اتجاهات الشعر العربي المعاصر، سلسلة عالم المعرفة، كويت، ١٩٧٨، ص ١٥٤.

١٠١. شێرکۆ بێکەس: دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، ل ٣٥٦.

١٠٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٩

١٠٣. عەبدلخالق مەعروف (١٩٣٥– ١٩٨٥) نووسەرێکی بەهەڵوێست بوو، بەدەستی بەعسیە فاشیەکانی بەغدای گۆڕ بەگۆڕ تێرۆر کرا.

١٠٤. شێرکۆ بێکەس: دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٩٧٥.

١٠٥. شێرکۆ بێکەس: ڕەنگدان، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٣.

١٠٦. شەریف پاشا نوێنەری کورد بوو لەپاریس، ساڵی ١٩١٩ یاداشتێکی لەسەر مافی سەربەخۆیی کوردستان پێشکێش کۆنگرەی ئاشتی کرد.

١٠٧. جەلادەت عەلی بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٧ لە ناو خێزانی بەدرخانیەکان لەدایکبووە، خوێندنی بەڵای لە ئەڵمانیا تەواو کردووە، جگە لە زمانی رۆژهەڵات، زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و رووسی زانیوە لە سەر کوردایەتی بۆ دمشق دوورخراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٣٠ گۆڤاری هاوارو رووناهی دەرکردووە، یەکەم کەس بووە کە پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی داناوە.

١٠٨. شێرکۆ بێکەس: دەربەندی پەپوولە،ل٨

١٠٩. ادونيس زمن الشعر، دارالفكر، بيروت،١٩٨٦ص١٣٧

١١٠. د.عزالدين اسماعيل: الشعر العربى المعاصر،ص١٩٩

١١١. سيغموند فرۆيد: تفسير الاحلام، ترجمة مصطفى صفوان، دار المعارف، المصر، ١٩٦٩، ص.٣٥٨

١١٢. شێرکۆ بێکەس: ئاسك،چاپەمەنی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٨،ل٦٠–٦١

١١٣. شێرکۆ بێکەس: دووسرودی کێوی،ل٢٧–٢٨

١١٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٨

١١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٢–٤٣

سەرچاوەکان:

بەزمانی کوردی:


١. جەمال نەبەز: سەرنجدانێك لەمیتۆلۆژیای کورد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر ، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٦.

٢. شێرکۆ بێکەس: تریفەی هەڵبەست، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغداد، ١٩٦٨.

:کاوەی ئاسنگەر، چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی، ١٩٧١.

: من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ، دەزگای چاپەمەنی (الحريه)، بەغدا، ١٩٧٤.

: ئاسك، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

: کازیوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٨.

: دوو سروودی کێویی، چاپخانەی (الاديب)، بەغدا، ١٩٨٠.

: دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۰.
: دەربەندی پەپوولە، چاپەمەنی ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۱.
: خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ۱۹۹۸.
: بۆننامە، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، ۱۹۹۸.
: نسێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ۱۹۹۹.
: پیاوێ لەدار سێو، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۰.
: ژن و باران، چاپخانەی ئۆفستی خاك، سلێمانی، ۲۰۰۰.
: ڕەنگدان، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ۲۰۰۱.
: پاییزە مێوان، چاپەمەنی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۲.

٣. عەزیز گەردی: ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، دار الجاحظ، بەغدا، ۱۹۷۲.
٤. یاسین قادر: چەپکێك هەڤپەیڤین، چاپەمەنی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۱.

بەزمانی عەرەبی:

١ د. احسان عباس: فن الشعر، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت،١٩٥٩ : اتجاهات في الشعر العربي المعاصر، عالم المعرفة، كويت،١٩٧٨
٢ د.احمد كمال زكي: الأساطير مكتبة الشباب، القاهرة ١٩٧٥
٣ ادونيس: زمن الشعر، دار الفكر، بيروت، .١٩٦٨
٤ ارشيبالد مكليش: الشعر والتجربة، ت: سلمى الخضراء الجيوسي، دار اليقظة العربية، بيروت، .١٩٦٣
٥ امية حمدان: الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد، بغداد، .١٩٨١
٦ انطوان كرم: الرمزية والأدب العربي الحديث، دار الكشاف، بيروت، .١٩٤٩
٧ د. بدوي طبانة: قضايا النقد الادبي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧١.
٨ د. جابر عصفور: الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دار الثقافة، القاهرة، .١٩٧٤
٩ جبور عبد النور: المعجم الادبي، دار العلم للملايين، بيروت، .١٩٨٤
١٠ جون ماكوين: موسوعة المصطلح النقدي، ترجمة: د. عبد الواحد لؤلؤة، دار الرشيد، بغداد، .١٩٨٢
١١ درويش الجندي: الرمزية في الأدب العربي، مكتبة نهضة مصر، القاهرة، .١٩٥٨
١٢ روز غريب: تمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت، .١٩٧١
١٣ رولان بارت: الاسطورة اليوم، ت: حسن الغرقي، بغداد، .١٩٧٢
١٤ سيغموند فرۆيد: تفسير الاحلام، ت: مصطفى صفوان، دار المعارف، المصر، .١٩٦٩
١٥ : محاظرات تمهيدية في التحليل النفس، ترجمة: د. احمد عزت راجع الطبعة الثانية، مكتبة الأنجلو، القاهرة، بلا.
١٦ سي. دى لويس: الصورة الشعرية، ت، د. احمد نصيق الجنابي، مالك صبري، سلمان حسن ابراهبم، دار الرشيد للنشر، بغداد، .١٩٨٢
د. عاظف جودة نصر: الرمز الشعري عند الصوفية، دار الأندلس، بيروت، ١٩٧٨.
١٧ عبد الرحمن بدوي: فن الشعر، مكتبة النهضة، القاهرة، .١٩٥٣
١٨ د. عز الدين اسماعيل: الشعر العربي المعاصر، دار العودة، بيروت، .١٩٧١
١٩ د. كامل حسن البصير: بناء الصورة الفنية في البيان العربي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٧.
٢٠ د. محمد فتوح احمد: الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، دار المعارف، القاهرة، .١٩٧٨

٢١ د. مصطفى سويف: الاسس النفسية للابداع الفني، دار المعارف، مصر، ١٩٥١.
٢٢ د. مهدي صالح السامرائي: المجاز في البلاغة العربية، دار الدعوة، سوريا، ١٩٧٤.
٢٣ د. نبيلة ابراهيم: الاسطورة، ت، محمد بەدری، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٤ د. نصرت عبد الرحمن: الصورة الفنية في الشعر الجاهلي، في ضوء النقد الحديث، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٦.
٢٥ هنري بير: الادب الرمزي، ت: هنري رغيب، منشورات عويدات، باريس، ١٩٨١.

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

1. Bergson: The two sources of Morality and Religion (Trans) Doubleday and Co, New York, 1935.
2. Brooks. C. Warren, R. P: Modern Rhetoric, New York, 1949.
3. C. D. Lewis: The Poetic Image, Oxford univ, press, New York, 1948.
4. C. G. Jung: Psychology of The unconscious, Trans by Beatrice M. Hinkle, London, 1933.
5. : Psychological Types, Tr, by H. G. Baynes, New York, 1926.
6. C. M. Bowra: The Heritage of symbolism, New York, 1960
7. Ernst Cassirer: An Essay on man, New Haven, 1944.
8. Frank Kermode: Romantic Image, The Macmillan and co, New York, 1957.
9. Friar, Kimon and Brinnin, John Malcolm: Modern Poetry, Americand and British, New York, 1957.
10. H. Head: Collected Essays in literary Criticism, London, 1952.
11. Max Black: Models and Metaphors, studies in Language and philosophy, cornel university Press, 1963.
12. Paul Arthur schilpp: The philosophy of E. cassirer The library of living philosophies, 1949.
13. J.A. cuddon: A dictionary of Literary Terms, Great Britain, 1979.
14. J . M. Murry: Metaphor, The Problem of style, London, 1968.
15. John Lewis: Anthropology, London, 1969.
16. W. Y. Tindall: The literary symbol, New York, 1955.

بەزمانی فەرەنسی:

1. Andre Breton: Manifestes du surrealisme, Ed, Gallimard, Paris, 1972.
2. Christian Baylon, Paul Fabre: Initiation a la linguistique, Ed, Fernand, Nathan, 1975.
3. Daniel leuwers: Introduction a La Poesie, Moderne et contem poraine, Ed Bordas, Paris, 1990.
4. Decaudin Michel: La Crise des Valeurs symbolistes, Touloues, 1960.
5. Guy Michaud: Message Poetique du symbolisme, Paris, 1947.
6. Louis Hourticq: Lart et La litterature Ed, Flammarion, Paris, 1946.
7. Rene Lalou: Histoire de la litterature Francaise, Contemporaine, V1, Paris, 1953.
8. Rescusede France:Message Poetique du sysbolisme, Paris, 1947.

## ملخص البحث:

ظاهرة الرمز ليست بجديد في الشعر الكردي، ولكن الشاعر الحديث تعامل مع الرمز بعمق وبهدف تحقيق غايات جديدة ويضفى عليه دما جديدا، والرمز عنصر اساسي في بناء القصيدة الشعرية. اتخذ الشاعر من ايحاءات الرمز منهجاً في ايصال اغراضه السياسية الى القارىء وقلة من كتبوا فيه، والقضايا التي اثاروها ماتزال في حاجة الى اعادة النظر والتمحيص وهذا ما شجعنى على هذه الدراسة، وتتضمن هذه الدراسة من مقدمة وثلاثة محاور رئيسية.

المحور الاول:- مصطلح الرمز، مفهوم الرمز، مذهب الرمزي، الرمز والغموض، الرمز والاشارة.

المحور الثاني:- الرمز والعناصر الفنية الشعرية، الرمز والمجاز، الرمز والاستعارة، الرمز والتثبية.

المحور الثالث:- انواع الرموز في الشعر شيركو بيكس. وينتهي البحث بمجموعة من النتائج مع ملخص له باللغتين العربية والانجليزية.

## *ABSTRACT*

***Applying symbols in Kurdish literature is not some thing new, but the new Kurdish poet's deal deeply and aimfully with literary symbols to fullfil new aims and to add new blood to their poetry. The symbol is a basic element in the poetic structure of the poem. The poets make special trends from symbol inspirations to express their political purposes. Few critics have studied symbol in the poetry and the problems they submitted are still in needs of more studying. This is the reason behind preparing this paper.***

***This study consists of an introduction and three main axes.***

***The first axis contains the stusy of: the term "symbolism"; the concept of symbolism, the symbolism school, the symbol and the sign, the symbol and imbignity.***

***The second axis deals with the symbol ans artistic elements, the symbol and metaphore, the symbol and simile.***

***The third axis tackles the different types used in Sherko Bekas's poetry.***

***The study ends in a number of conclusions followed Arabic and an English abstract.***